Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# هەڵسەنگاندنی جوگرافی بۆ هەرێمی وەزیفی زانکۆی کۆیە لە ماوەی نێوان سالآنی ( ٢٠١٤-٢٠١٧)

**عبیدللە حاتم یوسف [١] - ڕۆستەم سلام عزیز [٢]**

[١+٢] بەشـــی جوگرافیا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئامانجی ســـەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە شـــیکردنەوەی هەرێمی وەزیفی زانکۆی کۆیە، گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەوە دایە، دەبێتە نەخشە ڕێگایەک بۆ پلان و پەرەپێـدانی هەرێمی زانکۆی کۆیە، لە هەمان کاتدا بۆمان ڕونـدەبێتەوە زانکۆکە خزمەتی نـاوچە جیـاجیـاکـانی کردوە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ دیاریکردنی هەرێمی وەزیفەی زانکۆی کۆیە پشـــتمان بەســـتوە بە بەکـارهێنـانی ژمـارەی خوێنـدکـارانی وەرگیراو لەســـەر ئاســتی یەکە کارگێڕییەکان، بۆ ئەم مەبەســـتەش توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێگە و شوێنێکی جوگرافی گرنگی هەیە و زانکۆکەش گەشـــەکردنێکی فراوانی بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها گریمانەی ئەوەش دەکات ســـنوری وەزیفەی زانکۆی کۆیە بـەپێی یـەکـە کـارگێڕییـەکـان جیاوازی دەبێ، بە مەبەســـتی گەیشـــتنی ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر میتۆدی لێکۆڵینەوەی هەرێمی و شـیکاری و بەراوردکاری بەکارهێناوە، پشـت بەسـت بە وەرگرتنی ژمـارەی خوێنـدکـار بـەپێی شـــوێنی جوگرافی نیشتەجێبونییان.

لە کۆتـایی توێژینەوەکە گەیشـــتۆتە ئەو ئەنجـامەی هەرێمی وەزیفی زانکۆکە لە زۆربەی فـاکەڵتییەکـان ســـنوری کارگێڕی قەزای کۆیە تێدەپەڕێنێت، بەمەش لەسەر ئاستی فاکەڵتییەکانی زانکۆکە سنوری هەرێمی کوردســـتـان و عێراق تێـدەپەڕێنێـت، پلەی ئەم کـاریگەریەش جیـاوازە لە نـاوچەیەک بۆ نـاوچەیەکی تر.

**کلیلە وشەکان:** خوێندنی باڵا، زانکۆی کۆیە، هەرێم، هەرێمی زانکۆیی.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27

**Received:** 25- October -2021

**Accepted:** 10-November-2021

**Published:** 29-June-2022

**Corresponding Author's E-mail:**

Obed.1122951@gmail.com

Rostam.salam@koyauniversity.org

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

کۆی شارەزایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە خوێندن باشترین پێوەرە بۆ هەڵسەنگاندنی پێشکەوتنی کۆمەڵگا، خوێندن بەپێی قۆناغە جیاوازەکان پێویستییەکی سەرەتاییە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا لەسەرجەم بوارەکان هەر ئەویشە دەبێتە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی پەرەپێدان. گومانی تێدانیە ئاستی خوێندن لەلایەن تاک یان کۆمەڵگا ئاستی شارستانی و ڕۆشەنبیری کۆمەڵگا دیاریدەکات هەر بۆیەش دەوڵەتان بەگشتی و دەوڵەتانی پێشکەوتو بەتایبەتی زانکۆکان بە پێشەنگ دادەنێن بۆ دانانی پلانی مەودا کورت و درێژخایەن بۆ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و ئابورییەکان، لەم پێناوەشدا بەشێکی بەرچاو لە بودجەی ساڵانەی دەوڵەتان تەرخاندەکرێت بۆ پێشخستنی زانکۆکان و بەسەربەخۆیکردنی لەڕوی کارگێڕی ودارایی و زانستی، لێکۆڵینەوە لە هەرێمی وەزیفەی شار جێگایەکی تایبەت داگیردەکات لە جوگرافیای شار، هەرێمی شار هەرێمێکی ڕێکوپێکە لە دروستکراوەکانی مرۆڤە و جێگیر نییە زیاتر لە هەرێمێکی ئابوری دەچێت لەسەر بنچینەی بەرهەم و دابەشبونی جوڵە، شار بەتەنیا ناتوانێت گەشەبکات بەڵکو پشت بە ناوچەکانی دەوروبەری دەبەستێت، ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەمو شارێک خاوەنی ڕوبەرێکی جوگرافی بێت تاکو لە گەشەکردنی پشتی پێببەستێت، بەڵام ئەو ڕوبەرە جوگرافییە بە ئاسانی دیاریناکرێت کە شار پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەری ئەنجام دەدات، هەر بۆیە چەندین ڕێگای جیاواز هەیە بۆ دیاریکردنی ئەو پانتاییە جوگرافییەی پێیدەگوترێت هەرێمی وەزیفەی شار (اسماعیل،١٩٨٨:ص٢١٧-٢١٨).

لێکۆڵینەوە لەسەر پشتێنەی کاریگەری هەرێمی زانکۆکان ئاماژەیە بۆ شیکردنەوەی دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا ئەمەش بە ڕونکردنەوەی پەیوەندی نێوان کاریگەری زانکۆکان بۆ ناوچەو هەرێمەکانی دەوروبەریان.

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە:

هۆکاری هەڵبژاردی ناونشانی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی دیاریکردنی سنوری هەرێمی وەزیفەی زانکۆیی شاری کۆیە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە زانکۆکە لە چ ئاستێکی گەشەسەندن و پێشکەوتن دایە، ئەمە سەرەڕای نەبونی هیچ توێژینەوەیەکی ماستەر و دکتۆرا لەسەر ئاستی زانکۆکانی کوردستان.

## گرفتی توێژینەوەکە:

گرفتی توێژینەوەکە بریتییە لە ناڕونی تایبەتمەندیەکانی سنوری جوگرافی هەرێمی وەزیفی زانکۆ کۆیە، هەروەها ناڕێکی چۆنیەتی دیاریکردنی پشتێنەی هەرێمی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی ورد لەسەر نەخشە و ناڕونی ماوە و دوری سنوری هەرێمەکە.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە:

- شیکردنەوەی هەرێمی وەزیفی زانکۆی کۆیە؟
- دیاریکردنی سنوری جوگرافی هەرێمی وەزیفەی زانکۆیی شاری کۆیە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27

## گریمانەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەم گریمانانەی خوارەوە سەرچاوەی گرتوە:

گرنگی پێگە و شوێنی زانكۆ كۆیە، بە جۆرێک ناوەندیەتی شوێنی هەرێمەكە و بەستنەوەی بە ناوچەیەكی فراوان یارمەتیدەربوە بۆ گەشەكردنی پەیوەندی هەرێمی ناوچەی لێكۆڵینەوە.

هاوڕێک نەبونی سنوری كاریگەری هەرێمی زانكۆی كۆیە لەسەر ئاستی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستانی عێراق و دەرەوەی هەرێمی كوردستان؟

ژمارەی خوێندكارانی وەرگیراو لە زانكۆی كۆیە بەپێی یەكە كارگێرییەكان بەشێوەیەک دەبێت كە پارێزگای هەولێر و یەكە كارگێرییەكانی زۆرترین ژمارەی خوێندكارانی زانكۆكە پێكدەهێنن؟

## میتۆدی توێژینەوە:

توێژینەوەی زانستی بەبێ پەیڕەوكردنی میتۆدێک یان چەند میتۆدێكی زانستی ئەنجام نادرێت، بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەكە پشتی بەستوە بە ڕێبازی بەدواگەڕان یان خوێندنەوە (الاستقرائی) كە بە گشتی دەست پێدەكات و بە وردەكاریش كۆتایی دێت، هەروەها ڕێبازی شیكردنەوەش بۆ شیكردنەوەی ئەو داتا و زانیاریانەی كە توێژەر كۆیكردۆتەوە لە ئەنجامی گەڕان بە فەرمانگەی پەیوەندیدار بە بابەتەكەمان بە تایبەتی بەڕێوبەرایەتی تۆمارگای گشتی زانكۆی كۆیە و سەردانی مەیدانی و چاوپێكەوتنەكانەوە، پاشان نواندنییان لە لێكۆڵینەوەكەماندا لە شێوەی شێوە و خشتە و نەخشە، هەروەها ڕێبازەكانی هەرێمی، بەراوردكاری.

## توێژینەوەكانی پێشو:

هاوشێوەی ئەم توێژینەوە چەندین توێژیتەوەی زانستی جیاواز ئەنجامدراون لەوانە:

١- توێژینەوەی بێستون ئەحمەد حسێن، (هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە)، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر باسی هەرێمی وەزیفی شاری ڕانیە دەكات، لە ڕێگەی خستنەڕوی وەزیفەكانی شارەكە پشت بەست بە دروستكردنی نەخشە و دەرخستنی پلەی كاریگەری هەر یەک لە وەزیفەكانی (كارگێڕی، تەندروستی، گواستنەوە، فێركاری، بازرگانی)، توێژەر بە مەبەستی گەیشتنی ئەنجامی توێژینەوەكە ڕێگای ئامار وەكو بیردۆزی خاڵی پچڕان و ڕێگای مەیدانی بەكارهێناوە، هەروەها پشتی بە میتۆدی هەرێمی و شیكاری و بەراوردكاری بەستوە، توێژەر گەیشتۆتە ئەم ئەنجامەی ناوچەی لێكۆڵینەوە پێگە و شوێنێكی جوگرافی گرنگی هەیە، هەروەها شارەكە لەڕوی ڕوبەر و دیمۆگرافی و ئاوەدانیەوە گەشەكردنێكی باشی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش كاریگەری كردۆتە سەر فراوانبونی ڕوپێوی سنوری هەرێمە وەزیفیەكانی شاری ڕانیە كە ناوچەیەكی فراوان لەخۆبگرێت.

٢- توێژینەوەی كامران ولی محمود، (التحليل الجغرافي لخصائص واقليم الوضيفة الجامعية للمدن (مدينة سوران- محافظة اربيل نموذجا)، (شیكردنەوەی جوگرافی بۆ تایبەتمەندییەكانی هەرێمی وەزیفەی زانكۆی شارەكان (زانكۆی سۆران/پارێزگای هەولێر بە نمونە)، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر باسی هەرێمی خوێندنی باڵای زانكۆی سۆران دەكات، ئامانجی توێژینەوەكە زانینی تایبەتمەندییەكان و دیاریكردنی سنوری هەرێمی زانكۆی سۆرانە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27

ئەم میتۆدانەی لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتوە بریتیین لە میتۆدی بەدواگەڕان (الاستقرائی)، هەروەها میتۆدی شیکاری زانستی بەکارهاتوە، ئەمە جگە لە سودوەرگرتن لە کتێب و سەرچاوە حکومییەکان و نامەکانی زانکۆ و توێژینەوەی زانستی و زانیاری ئەلیکترۆنی و بەکارهێنانی بەرنامەی سیستەمی زانیاری جوگرافی (GIS)، توێژەر گەیشتۆتە ئەم ئەنجامەی سنوری هەرێمی زانکۆی سۆران فراوانە، بەشێوەیەک ڕێژەی ئەم خوێندکارانەی لە دەرەوەی شارەکە هاتون (٦٩،٢٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی زانکۆی سۆران پێکدەهێنن بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)، هەروەها لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم پارێزگای هەولێر دێت بە ڕێژەی (٨٤٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی وەرگیراو لە زانکۆکە لەماوەی دیاریکراودا.

٣- توێژینەوەی علی لفتە سعید، (الاقلیم الوضیفی لمدینة النجف الکبری)، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر باسی هەرێمی وەزیفی شاری نەجەفی گەورە دەکات، توێژەر باسی پەیوەندییە هەرێمییەکانی شارەکە دەکات لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری بۆ هەریەک لە وەزیفەکانی (پەروەردە و ئابوری و کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی و تەندروستی)، لە ڕێگەی دروستکردنی نەخشەوە سنور و شێوەی هەریەک لە وەزیفەکانی بەگوێرەی ئاستی کاریگەیان لەسەر ناوچەکانی دەوروبەریان دیاری بکات، چەند ڕێگایەکی بەکارهێناوە لەوانە میتۆدی شیکردنەوەی شوێنی و پەیوەندی شوێنی و میتۆدی ئاماری، هەروەها ڕێگای مەیدانی بەکارهێناوە، توێژەر گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامەی سنوری هەرێمی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە زۆربەی وەزیفەکان بە تایبەت خوێندنی باڵا و تەندروستی و ئاینی سنوری کارگێڕی ناوچەی لێکۆڵینەوە تێدەپەڕێنێت، توێژەر گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێک لە گرنگترینیان شاری نەجەف پەیوەندیەکی بەرفراوانی هەیە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری.

٤- توێژینەوەی محمد ڕشاد الدسوقی، (مرکزیة الخدمة التعلیمیة الجامعیة بمدینة الإسماعلیه)، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر باسی ناوەندی خزمەتگوزاری خوێندنی باڵای زانکۆی ئیسماعلیه دەکات، توێژەر باسی پێشکەوتنی زانکۆکە لە ڕوی ژمارەی خوێندکاران و میلاکی فەرمان و هەیکەلی زانکۆکە دەکات، هەروەها پشتێنەی کاریگەری زانکۆی ئیسماعلیەی دیاریکردوە بە پشتبەستن بە نەخشە هەرێمی چڕ و فراوانی دیاری کردوە، ئەمە جگە لەوەی باسی جیاوازی شوێنی و کاتی جوگرافی خوێندکاران و پێوەرەکانی ئاسانی گەیشتنی خوێندکارانی ڕونکردۆتەوە، بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکە ڕێگای مەیدانی و بیرکاری بەکارهێناوە، توێژەر گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێک گرنگترینیان پشتێنەی کاریگەری هەرێمی زانکۆکە گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە.

٥- توێژینەوەی عربی بومدین، (دور الجامعة الجزائریة في التنمیة الاقتصادیة)، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر باسی ڕۆڵی زانکۆکانی جەزائیر دەکات لەسەر پەرەپێدانی ئابوری، توێژەر باسی پەیوەندی زانکۆ و پەرەپێدانی ئابوری دەکات، توێژەر گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی زانکۆکان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەسەر پەرەپێدانی ئابوری ناوچەی لێکۆڵینەوە.

٦- توێژینەوەی مرفت احمد خلاف (الاقلیم التعلیمي لجامعة أم القرى)، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر باسی هەرێمی خوێندنی باڵای زانکۆی ئوم قورای دەکات، توێژەر باسی ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر پشتێنەی هەرێمی زانکۆکە، پشت بەست بە نەخشە هەرێمی چڕ و فراوانی ڕونکردۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی باسی مەودای



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27

نێوان شارەکان و ئاسانی گەیشتن بە ناوچەی لێکۆڵینەوەی کردوە لە ڕوی کات و تێچون، توێژەر بە مەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامی توێژینەوەکە ڕێگەی مەیدانی و بیرکاری بەکارهێناوە، بەهۆیەوە توانیویەتی گرنگترین ئەم هۆکارانە ڕونبکاتەوە کە کاریگەریان هەیە لەسەر پشتێنەی هەرێمی زانکۆکە.

## پەیکەری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بەمەبەستی پێکانی ئامانجەکانی لە چوار تەوەر پێکهاتوە: تەوەرەی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆلینەوە، تەوەرەی دوەم: مێژوی دروستبونی زانکۆی کۆیە، تەوەرەی سێیەم: دابەشبونی جوگرافی خوێندکاران بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستان، تەوەرەی چوارەم: پشتێنەی کاریگەری هەرێمی زانکۆی کۆیە بەپێی پارێزگاکان و دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

## تەوەرەی یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

شاری کۆیە یەکێکە لە شارە دێرینەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە خاوەن مێژویەکی پڕ شارستانیەتە لە ناوچەکە و لە زۆر بەڵگەنامە مێژوییەکان ناوی هاتوە، ئەم شارە لەدامێنی زنجیرە چیای هەیبەت سوڵتان و باواجی هەڵکەوتوە و دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر، بە دوری (٧٥)کم لە شاری هەولێر، زنجیرە چاکانی هەیبەت سوڵتان لە بەشی خۆرهەڵاتی سنوری سروشتی کۆیە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنێت، زێی بچوکیش لە بەشی باشوری سنوری لەگەڵ پارێزگای کەرکوک و بەشێک پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنێت، دەکەوێتە نێوان هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و کەرکوک، بەم جۆرە ناوچەی لێکۆڵینەوە شوێنێکی ناوەندی گرنگی هەیە لەنێوان هەرسێ پارێزگاکە (سەعید، ٢٠٠٦: لا٩-١٢).

لەڕوی ئەرستڕۆنۆمیەوە قەزای کۆیە دەکەوێتە نێوان هەردو بازنەی پانی( ٣٥° ،٤٧¯) ( ٣٦° ،١٨¯)ی باکور و هێڵی درێژی ( ٤٤° – ١٥¯ ) ( ٤٤° – ٥٧¯ )ی ڕۆژهەڵات، بڕوانە نەخشەی ژمارە (١)، بەڵام سەبارەت بە پێگەی ئەرستڕۆنۆمی شاری کۆیە دەکەوێتە نێوان هەردو بازنەی پانی ( ٥٤= ، 5¯، 36° ) ، (15= ، 3¯ ، 36° )ی باکور، هێڵی درێژی (45= ، 39¯، 44° ) ، (45= ، 35¯ ، 44° )ی ڕۆژهەڵات، لەڕوی کارگێڕییەوە قەزای کۆیە لە شەش یەکەی کارگێڕی پێکهاتوە ئەمانیش بریتین لە (سەنتەری شاری کۆیە، ناحیەی تەقتەق، ناحیەی ئاشتی، ناحیەی شۆڕش، ناحیەی سێگردکان، ناحیەی شۆڕش، ناحیەی سکتان)، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢)

سەبارەت بە سنوری کارگێڕی شارەکە لەگەڵ چەند یەکەیەکی کارگێڕی هاوسنورە، ناحیەی (ئاشتی) لە بەشی خۆرهەڵاتی، ناحیەی (تەق تەق)یش لە بەشی باشور، و ناحیەی (شۆڕش) لە بەشەکانی خۆرئاوا هەروەها ناحیەی (سکتان) لە بەشی باکور دەبێتە سنوری. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢)

سەبارەت بە ڕوبەری شاری کۆیە لەساڵی (١٩٧٧) ڕوبەرەکەی گەیشتۆتە (٢٤٦،١)هێکتار، هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٢) ڕوبەری شاری کۆیە زیادیکردوە بۆ (٤٥٩،١) هێکتار بوە، و لە ساڵی (٢٠١٠) گەیشتۆتە نزیکەی (١٠٨٨،١) هێکتار، بەڵام ڕوبەری شاری کۆیە لە ساڵی (٢٠١٧) گەیشتۆتە نزیکەی (٢٠٣٠،٥) هێکتار، بەمەش



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27

ڕێژەی زیادبونی ساڵانەی ڕوبەری شاری کۆیە لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠١٧) بەرێژەی (٢٢،٨٪) زیادیکردوە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم فراوانبونە بەرچاوەی شاری کۆیە دەگەڕێتەوە بۆ کردنەوەی زانکۆی کۆیە (بەڕێوبەرایەتی شارەوانی کۆیە، بەشی کارگێڕی، داتای ڕوبەری شاری کۆیە لە نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٧).

سەبارەت بە قەبارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، ژمارەی دانیشتوانی شاری کۆیە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠١٧) زۆر زیادیکردوە، بەشێوەیەک لە ساڵی (٢٠٠٢) ژمارەی دانیشتوانی شاری کۆیە (٣٤٥١٨) کەسە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٧) ژمارەی دانیشتوانی شاری کۆیە گەیشتۆتە (٦٧٦٧٩) کەس، هۆکاری ئەو گەشەسەندنەی شاری کۆیە بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی زانکۆی کۆیە (دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوبەرایەتی ئاماری دانیشتوانی کۆیە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠١٧)).

نەخشەی ژمارە (١)

شوێنی جوگرافی شاری کۆیە بەگوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستان




کاری توێژەر: پشت بەست بە:

١-الحداد، هاشم ياسين محمدامين، اطلس الموارد الطبيعية لمحافظة اربيل وادارة الارض فيها لاغراض الزراعية، رسالة ماجستير، كلية اداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٠، غير منشورة.


٢- الهيئة العامه للمساحة، خريطة العراق الإدارية، مقياس ١:١٠٠٠٠٠٠.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27

نەخشەی ژمارە (٢)

شوێنی جوگرافی شاری کۆیە بەگوێرەی قەزای کۆیە




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی(Arc GIS 10,5)، پشت بەستن بە محمد زاهیر کوخا صادق، تۆڕەکانی ڕێگاوبان لەشاری کۆیە، نامەی ماستەر، ٢٠٠٩، لا٣٧.

## تەوەرەی دوەم: مێژوی دروستبونی زانکۆی کۆیە

بەکردنەوەی کۆلێژەکانی (پەروەردە و خوێندنی ئاینی و یاسا) لە شاری کۆیە کە سەر بەزانکۆی سلیمانی بون، دەروازەیەک بون بۆ دامەزراندنی زانکۆی کۆیە ئەوە بو بەردی بناغەی لەلایەن بەڕێز (مام جەلال تالەبانی) سەرۆک کۆماری پێشوی عێراق لە ڕێکەوتی (٢٠٠٣/١٠/١١) دانرا، هەر ئەویش خاوەنی بیرۆکەی کردنەوەی ئەم زانکۆیە بو، بە فەرمانی ژمارە (٢١٨)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٠٤/١١/٢٩) لە دوای لکاندنی هەردو کۆلێژی (پەروەردە) و (شەریعە و یاسا)، وەکو چوارەم زانکۆ لە هەرێمی کوردستان و یەکەم زانکۆ لە دەرەوەی سەنتەری پارێزگاکان دامەزراوە، بەڵام لە ئێستادا زانکۆیەکی سەربەخۆیە کە لە ماوەیەکی کەم گەشەیەکی فراوانی بە خۆیەوە بینیوە، بە کردنەوەی کۆلێژەکانی (ئەندازیاری و زانستە مرۆڤایەتییەکان و زانست و تەندروستی و وەرزش و زمان و پەروەردە و پزیشکی) لە چوارچێوەی کەمپەسی زانکۆدا (زانکۆی کۆیە، ڕێبەری دەرچوانی خوێندکاران، ساڵی خوێندنی ٢٠١٦– ٢٠١٧).

لە سەرەتاکانی ساڵی( ٢٠٠٦) بیرۆکەی گۆڕینی سیستەمی کۆلێژەکان بۆ فاکەڵتیی وسکول لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بریاری لەسەردرا بەمەبەستی ئەوەی بەشە زانستیە هاوبەشەکان بتوانن پێکەوە کاری توێژینەوەی هاوبەش ئەنجام بدەن و لە پەتای بیرۆکراتییەتی کارگێڕیش کەمبکەنەوە،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27

زانکۆی کۆیە وەکو یەکەمین زانکۆ لە هەرێمی کوردستان و عێراق لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٠-٢٠١١) ئەم سیستەمەی خستۆتە بواری کارپێکردن و پراکتیکەوە، بڕیاری گۆڕینی پەیکەری ڕێکخستنی زانکۆ بە شێوەی فاکەڵتییەکاندا، هەر فاکەڵتیەکیش دابەش دەبێت بۆ چەند سکولێک وەکو سکولەکانی (یاسا و کارگێڕی، زانستە کۆمەلایەتییەکان، خوێدنی ئاینی) کە سەر بە فاکەڵتیی (زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتییەکانن)، هەروەها فاکەڵتی ئەندازیاریش دابەش دەبێت بۆ هەر یەکە لە سکولەکانی (تەلارسازی و شارستانی و جیۆتەکنیک، کۆمپیوتەر، کیمیا و نەوت)، هەروەها فاکەڵتیی زانست و تەندروستیش دابەش دەبێت بۆ سکوڵی (تەندروستی، زانست)، و فاکەڵتیی پەروەردەش بۆ سکوڵەکانی (پەروەردە ، پەروەردەی وەرزش، بنیاتی ئێواران)، بە مەبەستی پەرەپێدان و کارئاسانی بۆ بەڕێوەبردن، کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبو لەبەرەوپێشبردنی ڕەوتی خوێندن لە زانکۆی کۆیە کە بوە هۆی گەشەسەندن و پێشکەوتنی دەرامەتی مرۆیی و بەروبوون بە بواری ئابوری و کۆمەلایەتی، زانکۆی کۆیە لە ئێستادا لە چوار فاکەڵتیی و دو سکول پێکدێت کە بریتیین لە فاکەڵتییەکانی (زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتییەکان، پەروەردە، ئەندازیاری، زانست و تەندروستی)، و (سکوڵی پزیشکی و سکوڵی پەروەردەی وەرزش) و (٢٧) بەشی زانستی لەخۆدەگرێت (زانکۆی کۆیە، ڕێبەری دەرچوانی خوێندکاران، ساڵی خوێندنی ٢٠١٦- ٢٠١٧).


## تەوەرەی سێیەم: دابەشبونی جوگرافی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە لەسەر ئاستی فەکەلتی و سکوڵ

ژمارەی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە لەسەر ئاستی زانکۆ گەیشتۆتە (٥٤١٧) خوێندکار (زانکۆی کۆیە، بەڕێوبەرایەتی تۆمارگای گشتی، داتای خوێندکاران لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٧).

لەم ژمارەیە (١٦٦٨) خوێندکار دانیشتوانی قەزای کۆیە بەڕێژەی (٣٠،٨٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی زانکۆکە پێکدەهێنێت، لەبەرامبەردا ژمارەی خوێندکارانی دەرەوەی قەزای کۆیەن واتە نیشتەجێی بەشە ناوخۆییەکانن (٣٧٤٩) خوێندکارە، کە ڕێژەی (٦٩،٢٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە پێکهێناوە. بڕوانە شێوەی ژمارە (١)

شێوەی ژمارە (١)

ڕێژەی خوێندکارانی ناوەوەی شاری کۆیە و دەرەوەی شاری کۆیە لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی کۆیە، بەڕێوبەرایەتی تۆمارگای گشتی، داتای خوێندکاران لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27

سەبارەت بەدابەشبونی خوێندکاران بەپێی ڕەگەز، زانکۆی کۆیە لە (٢٦٠٦) خوێندکاری ڕەگەزی نێری پێکهاتوە کە دەکاتە (٤٨،١٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی زانکۆکە، لەبەرامبەردا ژمارەی خوێندکاری ڕەگەزی مێ (٢٨١١) خوێندکار بوە، بەڕێژەکەی (٥١،٩٪)ی کۆی خوێندکارانی زانکۆی کۆیەی پێکهێناوە (زانکۆی کۆیە، بەڕێوبەرایەتی تۆماری گشتی، داتای خوێندکاران لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٤–٢٠١٧).

بەتێبینیکردن لە خشتەی ژمارە (١) جیاوازی بەرچاو بەدیدەکرێ لەدابەشبونی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە لەسەر ئاستی فەکەڵتیی و هەردو سکوڵ ، فاکەڵتیی پەروەردە گەورەترین فاکەڵتییە لەڕوی ژمارەی خوێندکاران کۆی گشتی خوێندکار لەسەر ئاستی فاکەڵتییەکە بریتییە لە (١٤٦٧) خوێندکار، کە ڕێژەی (٢٧،١٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی زانکۆی کۆیەی پێکهێناوە، هەروەها پلەی دوەم فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی کۆی گشتی سکوڵ و فاکەڵتییەکان کۆی گشتی ژمارەی خوێندکارانی بریتییە لە (١٢٨٨) خوێندکار، کە ڕێژەی (٢٣،٨٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی زانکۆی کۆیەی پێکهێناوە، هەروەها هەریەکە لە فاکەڵتییەکانی (ئەندازیاری، زانست) ڕێژەیان یەک بە دوای یەکتردا بریتییە لە (٢٢،١٪) و (١٩،٣٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە، بەڵام کەمترین ڕێژەی خوێندکار بەپێی ڕەگەز سکوڵی (پەروەردەی وەرزش) لەخۆدەگرێت، لە ڕێژەی (٣،٩٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی زانکۆی کۆیەی پێکهێناوە لەم قۆناغەدا، بڕوانە شێوەی ژمارە (٢).

خشتەی ژمارە (١)

ژمارەی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە بەپێی ڕەگەز لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤–٢٠١٧)

| سکوڵ / فاکەڵتیی | نێر | ٪ | مێ | ٪ | کۆی ژمارەی خوێندکار | ڕێژە لە کۆی گشتی زانکۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پەروەردە | ٧٠٦ | ٤٨،١ | ٧٦١ | ٥١،٩ | ١٤٦٧ | **٢٧،١** |
| زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان | ٦٦٨ | ٥١،٩ | ٦٢٠ | ٤٨،١ | ١٢٨٨ | **٢٣،٨** |
| ئەندازیاری | ٦٢٧ | ٥٢،٥ | ٥٦٧ | ٤٧،٥ | ١١٩٤ | **٢٢،١** |
| زانست | ٣٨٥ | ٣٦،٨ | ٦٦٠ | ٦٣،٢ | ١٠٤٥ | **١٩،٣** |
| سکوڵی پزیشکی | ١٠٤ | ٤٨،٨ | ١٠٩ | ٥١،٢ | ٢١٣ | **٣،٩** |
| سکوڵی پەروەردەی وەرزش | ١١٦ | ٥٥،٢ | ٩٤ | ٤٤،٨ | ٢١٠ | **٣،٨** |
| کۆی گشتی زانکۆ | ٢٦٠٦ | ٤٨،١ | ٢٨١١ | ٥١،٩ | ٥٤١٧ | **١٠٠** |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی کۆیە، بەڕێوبەرایەتی تۆمارگای گشتی زانکۆی کۆیە، داتای بڵاونەکراوە.


٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی کۆیە، بەڕێوبەرایەتی ئاماری زانکۆی کۆیە، داتای بڵاونەکراوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27

شێوەی ژمارە (٢)

ژمارەی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە بەپێی ڕەگەز لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)




| | پەروەردە | زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان | زانست و تەندروستی | ئەندازیاری | سکولی پەروەردەی وەرزش | سکولی پزیشکی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 48.1 | 51.9 | 36.8 | 52.5 | 55.2 | 48.8 |
| مێ | 51.9 | 48.1 | 63.2 | 47.5 | 44.8 | 53.2 |
| ڕێژە لەسەر ئاستی زانکۆ | 27.1 | 23.8 | 19.3 | 5 | 3.8 | 3.9 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی ژمارە (٣١).

## تەوەرەی چوارەم: هەرێمی جوگرافی زانکۆی کۆیە

لێکۆڵینەوە لە بواری کاریگەری خزمەتگوزاری خوێندنی باڵا یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان لە بواری جوگرافیای خزمەتگوزاری، زانکۆکانیش وەکو دامودەزگایەکی ئەکادیمی بواری خزمەتگوزاری تەنها لە ناوچەیەکی دیاریکراو بەدیار ناکەوێت، هەندێک جار ئەم کاریگەریە دەگاتە ئاستی زۆر بەرز کە دەگاتە دەرەوەی هەرێمەکان واتە سیمای نێودەوڵەتی وەردەگرێت، هەندێک جاریش کاریگەریەکەی لە چەند شار و ناوچەیەکی دیاریکراو تێپەڕناکات و دەوەستێت، هەر بۆیە وەزیفەی زانکۆ لە ڕوانگەی شوێن دو ڕەهەند وەردەگرێت ئەوانیش وەزیفەی ناوخۆ و وەزیفەی هەرێمی، کە مەبەست لە وەزیفەی ناوخۆ واتە خزمەتی دانیشتوانی شارەکە و دەوروبەرەکەی دەکات بە مەودایەکی کەم، بەڵام وەزیفەی هەرێمی واتە خزمەتی دانیشتوانی ناوچەکە و شارەکانی دەوروبەری بە مەودایەکی فراوان دەکات (Poelman and Dijkstra, 2018: p2–4).

سەبارەت بە کاریگەری هەرێمی وەزیفی زانکۆی کۆیە بەپێی یەکە کارگێڕییەکان لە چوارچێوەی قەزا و یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێم بەم شێوەیە ڕونی دەکەینەوە:

## یەکەم: لە چوارچێوەی قەزای کۆیە

ژمارەی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی ئەم قەزایە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧) بریتییە لە (١٦٦٨) خوێندکار، بەڵام ئاستی ژمارە خوێندکاری وەرگیراو لە ناحیەکەوە بۆ ناحییەکی تر جیاوازە، بەتێبینیکردن لە خشتەی ژمارە (٢) لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای کۆیە، زۆرترین ڕێژەی کاریگەری دەکەوێتە چوارچێوەی (سەنتەری کۆیە) بەڕێژەی (٧٨،٦٪)ی کۆی گشتی خوێندکاران لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای کۆیە پێکدەهێنێت، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەنتەری کارگێڕی قەزاکەیە و ژمارەی دانیشتوانی زۆرە و هەر لە کۆنەوە شاری کۆیە پاشخانێکی ڕۆشبیری گرنگی هەبوە، پلەی دوەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27

(ناحیەی تەقتەق) بە ڕێژەی (١٤،٣٪) پێکدەهێنێت، پلەی سێیەم (ناحیەی ئاشتی) بەڕێژەی (٣،٥٪) پێکدەهێنێت، بە هۆکاری ئەوەی کە دوەم ناحییەیە لەڕوی زۆری ژمارەی دانیشتوان، بەڵام کەمترین ڕێژەی خوێندکار لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای کۆیە بریتییە لە (ناحیەی سکتان) کە ڕێژەی (٠،٧٪) کۆی گشتی خوێندکاران لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای کۆیە پێکدەهێنێت کە وەرگیراون لە زانکۆی کۆیە لەم قۆناغەدا، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣).

خشتەی ژمارە (٢)

ڕێژەی خوێندکارانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای کۆیە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)

| قەزا | یەکەی کارگێڕی (ناحیە) | ژمارە خوێندکاران | ڕێژەی سەدی (٪) لەسەر ئاستی قەزا |
|---|---|---|---|
| کۆیە | سەنتەری کۆیە | ١٣١١ | ٧٨،٦ |
| | تەقتەق | ٢٣٨ | ١٤،٣ |
| | ئاشتی | ٥٨ | ٣،٥ |
| | سێگردکان | ٣١ | ١،٨ |
| | شۆڕش | ١٨ | ١،١ |
| | سکتان | ١٢ | ٠،٧ |
| کۆی گشتی | | ١٦٦٨ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی کۆیە، بەڕێوبەرایەتی تۆمارگای گشتی، داتای خوێندکاران لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧).

بە تێبینی کردن لە خشتەی ژمارە (٣) دەردەکەوێت، ژمارەی خوێندکارانی وەرگیراو لەسەر ئاستی سکوڵ و فاکەڵتییەکانی زانکۆی کۆیە بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)، سەنتەری قەزاکە بەرزترین ڕێژەی خوێندکارانی وەرگیراو لە زانکۆکەیان پێکهێناوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی دوری و قەبارەی دانیشتوان لە نێوان یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە.

سەبارەت بەڕێژەی خوێندکارانی وەرگیراو بەپێی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە لەسەر ئاستی سکوڵ و فاکەڵتییەکان، زۆرترین خوێندکاری وەرگیراو بە تایبەت لە سەنتەری قەزاکە لە بەشە زانستییەکانن لەم ماوەیە، بەشێوەیەک ڕێژەی خوێندکارانی فاکەڵتی ئەندازیاری گەیشتۆتە (٩١،٢٪)، فاکەڵتی زانست و تەندروستی بریتییە لە (٧٦،٩٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی وەرگیراوی قەزاکە لەسەر ئاستی سکوڵ و فاکەڵتییەکانی زانکۆی کۆیە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)ی پێکهێناوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ڕۆشنبیری و ئابوری و پەروەدەیی و کۆمەڵایەتی، هەروەها بونی چەندین قوتابخانەی کەرتی تایبەت وای کردوە خوێندکار نمرەی بەرز بەدەست بهێنن، هەروەها حەز و ئارەزوی خوێندکاران بۆ ئەم بەشە زانستییانە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27

## خشتەی ژمارە (٣)

## ژمارە و ڕێژەی خوێندکارانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای کۆیە لەسەر ئاستی فاکەڵتییەکانی زانکۆی کۆیە لە ماوەی نیوان سالآنی (٢٠١٤-٢٠١٧)


| قەزا | ناحیە | فاکەڵتی پەروەردە | ٪ | فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان | ٪ | فاکەڵتی زانست و تەندروستی | ٪ | فاکەڵتی ئەندازیاری | ٪ | سکوڵی پەروەردەی وەرزش | ٪ | سکوڵی پزیشکی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆیە | سەنتەر | ٣٧٦ | ٦٧,٦ | ٣٤١ | ٨٦.١ | ٢٩٠ | ٧٦.٩ | ٢٠٦ | ٩١.٢ | ٧٢ | ٨٢.٨ | ٢٦ | ١٠٠ |
| | تەقتەق | ١١٩ | ٢١.٤ | ٢٦ | ٦.٥ | ٦٩ | ١٨.٣ | ١٣ | ٥.٨ | ١١ | ١٢.٦ | ٠ | ٠ |
| | ئاشتی | ٣١ | ٥.٦ | ١٤ | ٣.٥ | ٩ | ٢.٤ | ٣ | ١.٣ | ١ | ١.١ | ٠ | ٠ |
| | شۆڕش | ١٩ | ٣.٥ | ٥ | ١.٣ | ٦ | ١.٦ | ١ | ٠.٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | سکتان | ٨ | ١.٤ | ٦ | ١.٥ | ٢ | ٠.٥ | ٢ | ٠.٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | سێگرد کان | ٣ | ٠.٥ | ٤ | ١.١ | ١ | ٠.٣ | ١ | ٠.٤ | ٣ | ٣.٥ | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ٥٥٦ | ١٠٠ | ٣٩٦ | ١٠٠ | ٣٧٧ | ١٠٠ | ٢٢٦ | ١٠٠ | ٨٧ | ١٠٠ | ٢٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی کۆیە، بەڕێوبەرایەتی تۆمارگای گشتی، داتای خوێندکاران لە ماوەی نێوان سالآنی (٢٠١٤-٢٠١٧).

## نەخشەی ژمارە (٣)

## کاریگەری هەرێمی زانکۆی کۆیە لە چوارچێوەی قەزاکە لە ماوەی نێوان سالآنی (٢٠١٤-٢٠١٧)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان پشت بەست بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی زانیاری و نەخشەسازی، بنچینەی نەخشەی پارێزگای هەولێر، ساڵی ٢٠١٧.

٢- خشتەی ژمارە (٢).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27

## دووەم: پشتێنەی کاریگەری هەرێمی زانکۆی کۆیە بەپێی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێم

بواری کاریگەری خزمەتگوزاری زانکۆی کۆیە لەم قۆناغەداشدا تەنها لە چوارچێوەی خودی قەزاکەدا نییە، بەڵکو ئاستی هەرێمی و بگرە نێودەوڵەتیشی گرتۆتەوە، بۆیە لێرەدا باسی کاریگەری هەرێمی زانکۆی کۆیە بەپێی ژمارەی خوێندکارانی وەرگیراو لە زانکۆکە لەسەر ئاستی پارێزگا و دەوروبەرەکەی ڕون دەکەینەوە بەم شێوەی خوارەوە:

### ١- پارێزگای هەولێر

کاریگەری هەرێمی زانکۆی کۆیە لە پارێزگای هەولێر بەپێی ژمارەی خوێندکارانی وەرگیراو لە زانکۆی کۆیە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧) بریتییە لە (٢١٧٢) خوێندکار، بەتێبینیکردن لە خشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت، بواری کاریگەری هەرێمی زانکۆی کۆیە لە پارێزگای هەولێر دەگاتە سنوری (١٠) قەزا، واتە تەواوی قەزاکانی پارێزگاکە دەگرێتەوە، بەڵام ئاستی کاریگەری وەزیفی زانکۆی کۆیە لە قەزایەک بۆ قەزایەکی تر جیاوازە، زۆرترین ڕێژەی کاریگەری دەکەوێتە چوارچێوەی قەزای (کۆیە)، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٤٣،٤٪)ی کۆی ئەو خوێندکارانەی کە لە زانکۆی کۆیە وەرگیراون، پلەی دووەم قەزای (سەنتەری هەولێر) دێت، کە ڕێژەی (٣١،٩٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی پارێزگای هەولێر پێکدەهێنن لەم قۆناغەدا، بەڵام کەمترین ڕێژەی خوێندکار لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای هەولێر بریتییە لە قەزای (مێرگەسور)، کە ڕێژەی (٠،٤٪)ی کۆی گشتی لەسەر ئاستی خوێندکارانی پارێزگای هەولێر پێکدەهێنن کە سەردانی زانکۆی کۆیەیان کردوە لەم ماوەیەدا، ئەمەش قەزاکانی پارێزگای هەولێر ڕێژەی (٧٠،٩٪)ی کۆی گشتی ڕێژەی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە پێکدەهێنن لەم قۆناغەدا، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٤).

خشتەی ژمارە (٤)

ژمارە و ڕێژەی خوێندکارانی وەرگیراو بەپێی پارێزگای هەولێر لە زانکۆی کۆیە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)

| پارێزگا | قەزا | ژمارەی خوێندکار | ڕێژەی سەدی (٪) ئاستی پارێزگا |
|---|---|---|---|
| | قەزای کۆیە | ١٦٦٨ | ٤٣،٤ |
| هەولێر | سەنتەری هەولێر | ١٢٢٥ | ٣١،٩ |
| | دەشتی هەولێر | ٣٩٦ | ١٠،٣ |
| | شەقلاوە | ١٩٩ | ٥،٢ |
| | سۆران | ١٥٤ | ٤،١ |
| | خەبات | ٧٠ | ١،٨ |
| | چۆمان | ٤٧ | ١،٢ |
| | ڕواندز | ٣٤ | ٠،٩ |
| | مخمور | ٣٣ | ٠،٨ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27

| | | | |
|---|---|---|---|
| | مێرگەسور | ١٤ | ٠،٤ |
| کۆی گشتی | | ٣٨٤٠ | ١٠٠٪ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی کۆیە، بەڕێوبەرایەتی تۆمارگای گشتی، داتای خوێندکاران لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)

بە تێبینیکردن لە خشتەی ژمارە (٥) دەردەکەوێت، ژمارەی خوێندکارانی وەرگیراو لەسەر ئاستی سکوڵ و فاکەڵتییەکانی زانکۆی کۆیە بە پێی قەزاکانی پارێزگای هەولێر لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)، سەنتەری قەزاکە بەرزترین ڕێژەی خوێندکارانی وەرگیراو لە زانکۆکەیان پێکهێناوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی قەبارەی دانیشتوان لە نێوان قەزاکانی پارێزگاکە، سەبارەت بە ڕێژەی خوێندکارانی وەرگیراو بەپێی قەزاکان لەسەر ئاستی سکوڵ و فاکەڵتییەکان، زۆرترین خوێندکاری وەرگیراو بەتایبەت لە سەنتەری قەزاکە لە بەشە زانستییەکانن لەم ماوەیە، بەشێوەیەک ڕێژەی خوێندکارانی سکوڵی پزیشکی (٦٠،٦٪)، فاکەڵتی ئەندازیاری گەیشتۆتە (٤٢،٥٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی وەرگیراوی پارێزگای هەولێر لەسەر ئاستی سکوڵ و فاکەڵتییەکانی زانکۆی کۆیە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)ی پێکهێناوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ڕۆشنبیری و ئابوری و پەروەدەیی و کۆمەڵایەتی، هەروەها بونی چەندین قوتابخانەی کەرتی تایبەت وایکردوە خوێندکار نمرەی بەرز بەدەست بهێنن، هەروەها حەز و ئارەزوی خوێندکاران بۆ ئەم بەشە زانستییان.

خشتەی ژمارە (٥)

ژمارە و ڕێژەی خوێندکارانی پارێزگای هەولێر لەسەر ئاستی فاکەڵتییەکانی زانکۆی کۆیە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)

| پارێزگا | قەزا | فاکەڵتی | ٪ | فاکەڵتی زانستە | ٪ | فاکەڵتی | ٪ | فاکەڵتی | ٪ | پەروەردە | ٪ | سکوڵی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | هەولێر | ١٩٩ | ٢٠،١ | ٣٣٠ | ٣٥ | ٢٣١ | ٢٩،٣ | ٣٦٥ | ٤٢،٥ | ١٤ | ١٢،٥ | ٨٦ | ٦٠،٦ |
| | کۆیە | ٥٥٦ | ٥٥،٩ | ٣٩٦ | ٤٢ | ٣٧٧ | ٤٧،٧ | ٢٢٦ | ٢٦،٣ | ٨٧ | ٧٧،٧ | ٢٦ | ١٨،٣ |
| | دەشتی هەولێر | ٨٠ | ٨،١ | ٩٨ | ١٠،٤ | ٨٨ | ١١،٢ | ١١٢ | ١٣،١ | ٤ | ٣،٥ | ١٤ | ٩،٩ |
| | خەبات | ١٩ | ١،٩ | ١٦ | ١،٧ | ١١ | ١،٤ | ٢١ | ٢،٤ | ٣ | ٢،٧ | ٠ | ٠ |
| | شەقلاوە | ٦٣ | ٦،٣ | ٥١ | ٥،٤ | ٣٢ | ٤،١ | ٤٧ | ٥،٥ | ٠ | ٠ | ٦ | ٤،٢ |
| | سۆران | ٣٥ | ٣،٥ | ٢٤ | ٢،٥ | ٣٣ | ٤،٢ | ٥١ | ٥،٩ | ١ | ٠،٩ | ١٠ | ٧ |
| | ڕەواندز | ١٠ | ١ | ٩ | ١ | ٤ | ٠،٥ | ١٠ | ١،٢ | ١ | ٠،٩ | ٠ | ٠ |
| | مێرگەسور | ٥ | ٠،٥ | ٢ | ٠،٢ | ٢ | ٠،٢ | ٥ | ٠،٦ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | چۆمان | ١٦ | ١،٦ | ١٠ | ١،١ | ٦ | ٠،٨ | ١٤ | ١،٦ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27


| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مخمور | ١١ | ١،١ | ٧ | ٠،٧ | ٥ | ٠،٦ | ٨ | ٠،٩ | ٢ | ١،٨ | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | | ٩٩٤ | ١٠٠ | ٩٤٣ | ١٠٠ | ٧٨٩ | ١٠٠ | ٨٥٩ | ١٠٠ | ١١٢ | ١٠٠ | ١٤٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی کۆیە، بەڕێوبەرایەتی تۆمارگای گشتی، داتای خوێندکاران لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)

نەخشەی ژمارە (٤)

کاریگەری هەرێمی زانکۆی کۆیە بەپێی یەکە کارگێڕیەکانی پارێزگای هەولێر لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان پشت بەست بە:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی زانیاری و نەخشەسازی، بنچینەی نەخشەی پارێزگای هەولێر، ساڵی ٢٠١٧.

٢- خشتەی ژمارە (٤).

## ٢- پارێزگای سلێمانی

کاریگەری هەرێمی زانکۆی کۆیە لە پارێزگای سلێمانی بەپێی ژمارەی خوێندکاری وەرگیراو لە زانکۆی کۆیە، لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧) بریتییە لە (١٢٩٥) خوێندکار، کە ڕێژەی (٢٣،٩٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە پێکدەهێنن لەم قۆناغەدا، بەتێبینیکردن لە خشتەی ژمارە (٦)، بواری کاریگەری زانکۆی کۆیە دەگاتە سنوری (١٢) قەزا، بەڵام ئاستی کاریگەری وەزیفی زانکۆی کۆیە لە قەزایەک بۆ قەزایەکی تر



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27

جیاوازە، زۆرترین ڕێژەی کاریگەری دەکەوێتە چوارچێوەی قەزای (سەنتەری قەزای سلێمانی)، کە ڕێژەیەکەی دەگاتە (٤١،١٪)ی کۆی ئەو خوێندکارانەی کە لە زانکۆی کۆیە وەرگیراون لەم قۆناغەدا، پلەی دووەم قەزای (ڕانیە) دێت، کە ڕێژەی (٢٥،١٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی پارێزگاکە پێکدەهێنێت، لەم قۆناغەدا، هەروەها پلەی سێیەم قەزای (چەمچەماڵ) بەڕێژەی (٧،٨٪)ی کۆی گشتی خوێندکارانی وەرگیراوی لەسەر ئاستی پارێزگاکە پێکدەهێنێت لەم ماوەیە، بەڵام کەمترین ڕێژەی خوێندکار لەسەر ئاستی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی بریتییە لە قەزای (ماوەت)، کە ڕێژەی (٠،٢٪)ی کۆی گشتی لەسەر ئاستی خوێندکارانی پارێزگای سلێمانی پێکدەهێنن کە وەرگیراون لە زانکۆی کۆیە لەم ماوەیەدا، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٥).

خشتەی ژمارە (٦)

ژمارە و ڕێژەی خوێندکارانی وەرگیراو بەپێی پارێزگای سلێمانی لە زانکۆی کۆیە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)

| پارێزگا | قەزا | ژمارەی خوێندکار | ڕێژەی سەدی (٪) ئاستی پارێزگا |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | سەنتەری سلێمانی | ٤٩٠ | **٣٧،٨** |
| | ڕانیە | ٣٠٠ | **٢٣،٢** |
| | پشدەر | ١٦٥ | **١٢،٨** |
| | دوکان | ١٢١ | **٩،٣** |
| | چەمچەماڵ | ١٠١ | **٧،٨** |
| | شارەزور | ٣٧ | **٢،٩** |
| | دەربەندیخان | ٣٤ | **٢،٦** |
| | سەیدسادق | ٢٣ | **١،٨** |
| | شارباژێر | ١١ | **٠،٨** |
| | پێنجوێن | ٦ | **٠،٥** |
| | قەرەداغ | ٤ | **٠،٣** |
| | ماوەت | ٣ | **٠،٢** |
| کۆی گشتی | | ١٢٩٥ | **٪١٠٠** |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی کۆیە، بەڕێوبەرایەتی تۆمارگای گشتی، داتای خوێندکاران لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧).

بە تێبینی کردن لە خشتەی ژمارە (٧) دەردەکەوێت، سەبارەت بە ڕێژەی خوێندکارانی وەرگیراو بەپێی قەزاکان لەسەر ئاستی سکوڵ و فاکەڵتییەکان، زۆرترین خوێندکاری وەرگیراو بەتایبەت لە سەنتەری قەزاکە لە بەشە زانستییەکانن لەم ماوەیە، بەشێوەیەک ڕێژەی خوێندکارانی سکوڵی پزیشکی گەیشتۆتە (٥٠،٩٪)، فاکەڵتی



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper27**

